## عەلی تەها:
### تاکە یاریزانی کوردی هەڵبژاردەی باڵەی عێراق

# هیوادارم وەک یاریزانێکی کورد بە ئاڵای کوردستانەوە یاری بکەم



**عەلی تەها تاکە یاریزانی کوردی ریزی هەڵبژاردەی باڵەی نیشتمانی عێراقییە و یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکان لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکانی شێروانە و پێشمەرگەی سلێمانی و هەڵبژاردەی عێراق، ماوەیەکیشە چۆتە ریزی یانەی غازی باشوور لە باشووری عێراق، عەلی لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٣ی شاری سلێمانییە و خاوەنی بڕوانامەی ماجستێرە لە پەروەردەی وەرزشی. لەم دیدارەدا چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد و بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** هەڵسەنگاندنت بۆ ئاستی یاری باڵە لە کوردستان؟**

-بەشێوەیەکی گشتی خراپ دەیبینم، ئەگەر پلان دانەنرێت لەلایەن لیژنەی ئۆلۆمپی و یەکێتی تۆپی باڵە و یانەکان، لە ئێستاش زۆر خراپتر دەبێت.

*** ئەی لەسەر ئاستی عێراق چۆنی دەبینی؟**

- لە عێراق کەمێك باشترە لە هەرێمی کوردستان، چونکە یانەکان و یاریزانان زۆرن.

*** پێتوایە چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە پێشبکەوێت؟**

-لە پێشدا دەبێت رێککەوتنێك هەبێت لە نێوان وەزارەتی وەرزش و لاوان و لیژنەی ئۆلۆمپی و یەکێتی ناوەندی تۆپی باڵەی کوردستان و لیژنەی وەرزش لە پارێزگاکان و چەند یانەیەك لە پارێزگاکان بۆ ئەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بکرێتەوە بە سەرپەرشتی پسپۆڕانی یاری باڵە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی پێش بکەوێت، هەروەها پێکهێنانی هەڵبژاردەی کوردستان لە هەموو ئاستەکان لە هەردوو رەگەز و بەشداریکردنیان لە مەشق لەگەڵ وڵاتەکانیان بۆ بەهێزکردنی ئاستی یاریزانان.

*** بۆچی لە ناو ئەو هەموو یانە کوردییە لە یانەیەکی باشووری عێراق یاری دەکەی؟**

- من وەکو یاریزانێکی کورد پێم خۆشە کە خزمەتی یانەیەکی کوردستان بکەم، بەڵام من بە هەموو هاندەرانی عەلی تەها دەڵێم کە هیچ یانەیەکی کوردستان پێیان نەوتووم کە بچمە ریزەکانیانەوە، بەڵام لە بەرامبەر ئەوە هەموو یانەکانی عێراق دەستپێشخەرییان کرد بۆ ئەوەی یاریان بۆ بکەم، وەکو لای هەمووی ئاشکرایە کە من لە قۆناغی یەکەم یاریم نەکرد لە خولی عێراق بۆ هیچ یانەیەك، بۆماوەی ١٣ یاریش لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یاریم کردووە، لە یانەکەی پێشووم بە منیان گوت تیپ دروست ناکەین بۆ ئەمساڵ، یان هەر تیپێك دروست دەکەین تەنیا بۆ بەشداریکردن منیش ئەوەم پێ باش نەبوو، بەڵام پاشان بەپێچەوانەوە چەند یاریزانێکیان هێنایە ریزی یانەکە لەگەڵ یاریزانێکی پیشەگەر بۆیە منیش یانەیەکی ترم هەڵبژارد.

*** ئامانجی چوونت بۆ بەسرە بۆ غازی باشوور تەنیا بۆ پارە بوو، یان بۆ هۆکاری دیکەی بوو؟**

- هەموو کەس دەزانێ من چۆن دەستم بە یاری بالە کردووە قەت ئامانجی من پارە نەبووە، ئەگەر پارە بوایە من پێش حەوت ساڵ یانەکەی خۆم جێدەهێشت کە بە ماڵی خۆمی دادەنێم، چونکە چەندین گرێبەستم بۆ هاتبوو لەسەر ئاستی عێراق لە دەرەوەی عێراقیش.

*** کێشەو گرفتەکانی یاری بالە لە چیدا دەبینیت؟**

- کێشەی سەرەکیی لە یەکێتی تۆپی بالە دەبینم، بەراستی کەمتەرخەمن ئەگینا یانەکان بە ئاستێکی مام ناوەند کاردەکەن.

*** بۆچی لە کوردستان ئاستی ئەم یارییە لە پاشەکشێدایە؟**

-بە بۆچوونی من ئەگەر بەمشێوە بەردەوامبین پلانمان نەبێت زۆر خراپتریش دەبێت.

*** بڕیارت نەداوە بێیتەوە یانەکانی کوردستان یاری بکەی؟**

- من یانەکانی کوردستان بە ماڵی خۆم دەزانم، هەر کات بە من بڵێن زۆر بە باشی خزمەتیان دەکەم، بەتایبەت یانەی پێشمەرگەی سلێمانی.

*** هیوا و ئاواتت وەکو یاریزانێك لەم یارییە چییە؟**

- هیوام ئەوەیە وەکو یاریزانێکی کورد بە ئاڵای کوردستانەوە یاری بکەم، هەروەها بە هیوای ئەوەم بەرپرسەکانی وەرزش بایەخ بە وەرزش بدەن.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان چی بوون؟**

-پاڵەوانی کوردستان بۆ ٦ ساڵ لەگەڵ پێشمەرگە و دووەمی عێراق بۆ ماوەی ٢ساڵ، پاڵەوانێتی رۆژئاوایی عەرەب لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق چوارەم لە خولی وڵاتانی عەرەبی، باشترین یاریزان لە ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨لەعێراق و ساڵی ٢٠٠٨-٢٠٠٩لە کوردستان، باشترین یاریزانی پێشوازیکردن لە سێرف لە پاڵەوانێتی پاڵاوتنی رۆژهەڵاتی ئاسیا بۆ جامی جیهانی ساڵی ٢٠١٣.

*** دەستەی کارگێڕی یانەکە هاوکاریی بەردەوامتان دەکەن؟**

- بەڵێ بەردەوام هاوکاری یاریزانان دەکەن، ئەوان هۆکارن بۆ باشی ئەنجامی تیپەکەمان.

***بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە ؟**

-جگە لە خزمەتکردنی وەرزش لە کوردستان لە ئێستادا هیچ بەرنامەیەکی ترم نییە.

***چی بە بەرپرسانی وەرزشی دەڵێی؟**

-پێیان دەڵێم کاری زیاتر بکەن بۆ وەرزش، چونکە هەر وەرزشە کە دەمانگەیەنێتە باشترین ئاست لە هەموو رووپەکەوە، چ سیاسی، چ کۆمەڵایەتی، یان ئابووری و بەتایبەتی تەندروستی بۆ ئەوەی بنامەیەکی چالاك و بەهێز دروست بکەین لە گەنجان بۆ خزمەتکردنی وڵاتەکەمان.

***لە هەڵبژاردەی عێراق وەکو یاریزانی کورد دژایەتیت ناکرێ؟**

-ئەگەری هەیە دژایەتیم بکرێ، بەڵام زۆر بە کەمی و بە ئاشکرا نییە، واتە وەکو خۆم تاکو ئێستا بە ئاشکرا دژایەتیم نەکراوە.

***هەوڵت نەداوە قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان بکەیتەوە؟**

- بەڵێ بەرنامەیەکی وامان هەبوو لەگەڵ یانەی پێشمەرگە پلانیشمان بۆ دارشت لەگەڵ سکرتێری یانەکە، بەڵام بەهۆی دوورکەوتنەوەم لە یانەکە جارێ دەستمان پێنەکردووە، بەڵام لە ئایندەیەکی نزیکدا قوتابخانەکە دەکەمەوە.

***لە کۆتاییدا ئەگەر شتێکت ماوە دەتوانی باسی بکەی؟**

- هیوادارم لە کوردستان بەرپرسانی وەرزش و یەکێتی تۆپی بالە و یانەکان زیاتر بایەخ بە یاری بالە بدەن و زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم و بە هیوای ئەوەم نموونەی ئێوە زۆر بێت.






# چیرۆکی
# 400
# گۆڵەکەی میسی لەگەڵ بەرشلۆنە

ئەستێرەی ئەرژەنتینی لیۆنێل میسی لەدوا ساتەکانی یاری یانەکەی بەرامبەر یانەی ڤالانسیا لە هەفتەی ٣٢ی لالیگای ئیسپانیا کۆی گۆڵەکانی خۆی گەیاندە ٤٠٠ گۆڵ لەگەڵ یانەکەی هەرێمی کەتالۆنیا، میسی بچووکترین یاریزانە لەسەرجەم خولەکانی ئەوروپا کەژمارەی گۆڵەکانی لەگەڵ یەك یانە بگاتە ٤٠٠ گۆڵ، چونکە تەمەنی لەکاتی تۆمارکردنی ئەم گۆڵە ٢٧ ساڵ و ٣٠٠ رۆژ بوو.

گۆڵەکانی میسی بەم شێوەیە دابەشکراوە: لەخولی ئیسپانیا ٢٧٨ گۆڵ، لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ٧٥ گۆڵ، لەجامی شای ئیسپانیا ٣٢ گۆڵ : لەجامی سوپەری ئیسپانیا ١٠ گۆڵ، لەجامی سوپەری ئەوروپا ١ گۆڵ، لەمۆندیالی یانەکان ٤ گۆڵ.

میسی یەك جار ٥ گۆڵی تۆمارکردووە و ٤ جار ٤ گۆڵ ( سوپەر هاتریك )ی تۆمارکردووە و ٢٧ جار هاتریکی تۆمار کردووە و ٨٠ جار دوو گۆڵی تۆمار کردووە و لە ١٣٨ یاریش یەك گۆڵی تۆمار کردووە.

# پێشبینی دەست لەکارکێشانەوەی مانوێل پلیگرینی دەکرێت



بەڕێوەبەری هونەری پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەراو یانەی مانچستەرسیتی ستیڤگۆران ئەریکسۆنی سویدی پێشبینی دەکات بەڕێوەبەری هونەری ئێستای یانەی مانچستەرسیتی مانویل پلگیرینی نزیکبۆتەوە لەدەست لەکارکێشانەوە. ئەمەو لەلێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی ستاری بەریتانی ئەریکسۆن گوتی: من دڵنیام لەوەی وەبەرهێنەرە عەرەبەکان لە یانە ئینگلیزیە دڵخۆش نین بەو ئەنجامە خراپانەی تیپەکە لە وەرزی ئەمساڵ. هەر لە درێژەی قسەکانی دا ناوبراو وتیشی من هیچ زانیاریەکم لەمەر بڕیاری کارگێری یانەکە نیە بەرامبەر ئەو پرسە، بەڵام ئەگەر گۆڕانکاری بکرێت ئەوا شتێکی چاوەڕواننەکراو نیە بۆ من، بەتایبەت کە دەبینم سەرجەم پێداویستیەکان دابینکراوە بۆ ڕاهێنەر. ستیڤگۆران ئەریکسۆن ئاماژەشی بۆ ئەوەش کرد کاتێك پارەیەکی زۆر خەرج دەکەین ئەوا لە بەرامبەردا چاوەڕوانی ئەنجامەکەو کێبرکێ لەسەر نازناوەکە لەخولی پریمەرلیگ دەکەین شان بەشانی بەردەوامبوون بۆ قۆناغەکانی پێشەوەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا. لەکۆتایی قسەکانی دائەریکسۆن روونی کردەوە هەردەم قوربانی ئەنجامە خراپەکان ڕاهێنەرە بۆیە من دەڵێم پلیگرینی نزیکبۆتەوە لە دەست لەکارکێشانەوە.

جێگای ئاماژە پێکردنە لە وەرزی ئەمساڵ یانەی مانچستەر سیتی ناتوانێت هیچ نازناوێك بەدەست بهێنێت

# ڤیلاسکۆ کاربالۆ پاڵێوراوە بۆ بەڕێوەبردنی یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا



ناوبژیوانی ئیسپانی ڤیلاسکۆ کاربالۆ بەهێزترین پاڵێوراوە بۆ بەرێوەبردنی یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا لە نێوان هەردوو یانەی ئەتلەتیك بیلباو و بەرشلۆنە. لەمبارەیەوە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکانی ئیسپانیا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە ناوبژیوان فیلاسکۆ کاربالۆ لەسەروی لیستی ئەو پاڵێوراوانەیە کە بۆ بەرێوەبردنی یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا دەستنیشان کرابێت. ئەمەو ڕۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی بڵاویکردۆتەوە ناوبژیوانی بەنێوبانگ کاربالۆ کەخەڵکی شاری مەدریدە یەکەمین بژاردەیە بۆ بەرێوەبردنی ئەو یاریە، بەڵام تائێستا بەشێوەیەکی فەرمی ڕانەگەیەنراوە.

شایەنی وتنە یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا هەردوو یانەی بەرشلۆنەو ئەتلەتیك بلباو کۆ دەکاتەوە لە سەر یاریگای نوکامپ لەشاری بەرشلۆنە لە رۆژی ٢٠١٥/٥/٣٠ کاتژمێر ١٠,٣٠ی شەو بەکاتی هەرێمی کوردستان.

# کچانی پێشمەرگەی سلێمانی راهێنەرێکی نوێیان دەستنیشان کرد





## تێنسی سەرمێزی هەولێر بەشداری پاڵەوانێتیی ئەزمیری نێودەوڵەتی دەکات

بەمەبەستی بەشداریکردن لە پاڵەوانێتیی ئەزمیری نێودەوڵەتی لە وڵاتی تورکیا بڕیارە لە سەرەتای مانگی ٥ی داهاتوو کە دەگاتە رۆژی هەینی شاندی هەڵبژاردەی تێنسی سەرمێزی هەولێر گەشتی وڵاتی تورکیا بکات. هەر چەندە ئەم پاڵەوانێتییە ساڵانە بە بەشداریی چەندین یاریزانانی جیهانی بەڕێوە دەچێت، هەڵبژاردەی شاری هەولێریش بە بەشداریی هەشت یاریزانی تەمەن جیاواز بەشدار دەبن و سەرجەم خەرجییان لەسەر گیرفانی خۆیان دەبێت. هەریەك لە یاریزانان (بەختیار بەکر، سەردار عەبدولخالق، سەرمەند درید، محەمەد سەعدوڵڵا، فاروق محەمەد، هاشم رەسوڵ، نەوزاد محەمەد) بەشدارن، کە ساڵی رابردووش لە پاڵەوانێتییەکە ئەنجامی شایستەیان بەدەستهێناوە.لە بارەی بەشداریکردنی هەڵبژاردەی تێنسی هەولێر، سەردار عەبدولخالق یاریزانی هەڵبژاردەی تێنسی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:

«وەکو هەڵبژاردەی هەولێر دووەم ساڵە لەسەر یەك بەشدار دەبین لەم پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییە، ساڵانی ڕابردووش بەشداربووین و ئەنجامەکانمان وەکو پێویست بووە، ئەمساڵیش بەشدارین و لە سەرەتای مانگی ٥ دەچینە وڵاتی تورکیا و بەشداریی دەکەین کە ماوەی حەوت رۆژ بەردەوام دەبێت لە ئەزمیری وڵاتی تورکیا، ئێمە وەکو شاندی هەڵبژاردەی هەولێر بە بەشداری هەشت یاریزان بەشداری دەکەین، پاڵەوانێتییەکە کراوەیە لەسەر ئاستی جیهانی بەڕێوەدەچێت، چەندین یاریزانانی جیاجیا لە وڵاتان بەشداری تێدا دەکەن، ئێمەش سەرجەم یاریزانان ئامادەکاریی خۆمان کردووەو ئێستاش بەردەوامین لە خۆ تۆکمە کردنمان بۆ بەشداریکردن و سەرجەم خەرجیی پاڵەوانێتییەکە لەسەر ئەرکی خۆمان دەبێت وەکو یاریزانان و هیچ شوێنێك هاوکاری نەکردووین وەکو یاریزانان ئێمە پشتمان بە تواناکانی خۆمان بەستووە .»



# سیروانی نویَ پاڵەوانی کیگ بۆکسینگی عێراقن

**وەکو بەرنامەی ساڵانەی یەکێتیی ناوەندیی کیك بۆکسینگی عێراقی بۆ دەستنیشانکردنی یاریزانانی کیك بۆکسینگ بۆ هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراقی بە ئامانجی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی کیك بۆکسینگ لە شارەکانی عێراقی و لەشاری سلێمانی، پاڵەوانێتیی کیك بۆکسینگی یانەکانی باکووری عێراق بە هاوکاریی یەکێتی کیك بۆکسینگی کوردستان بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکەشدا هەریەك لە یانەکانی (سیروانی نویَ، عەلەم، شێروانە، دهۆك، نەورۆز، ئاشتی، شەهیدان) بەشدارییان لە کێبڕکێیەکان کردبوو لە ئاستە جیاوازەکانی کێشەکان، لەم پاڵەوانێتییەشدا یانە بەشداربووەکانی باکووری عێراق لە کێبڕکێی بەهێزبوون بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە هەر دە کێشە جیاوازەکان لە ٥٤کگم تاکو +٩١کگم، سەر ئەنجامیش کوڕانی سیروانی نوێی شاری سلێمانی بە تەواوی کۆنتڕۆڵی کێشەکانیان کردبوو بۆ ئەوەی بتوانن نازناوەکە لە شاری سلێمانی بهێڵنەوە، سەر ئەنجامیش سیروانی نویَ بووە پاڵەوانی باکووری عێراق و کوردستان.**

**١-یانەی سیروانی نویَ٤٤خاڵ**
**٢-یانەی نەورۆز٣٢خاڵ**
**٣- یانەی دهۆك ٢٦خاڵ**




بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یاریی تۆپی باڵە و دروستکردنی بناغەیەکی باش بۆ یانەکە و دروستکردنی یاریزانانی ئاست بەرز، کارگێڕی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر دواجار توانی راهێنەری بەتوانای شارەکە ئالان سەلاح بە راهێنەری تیپی باڵەی کچانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دەستنیشان بکات. لەم بارەشەوە میران مەحمەد لە راگەیاندنی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە مەبەستی باشترکردنی ئاستی تیپی باڵەی کچانی یانەکەمان و ئامادەکارییەکانمان بۆ پاڵەوانێتییەکانی داهاتووی عێراق و کوردستان، دروستکردنی قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان بۆ یانەی پێشمەرگە لە ئێستادا بۆ ئێمە زۆر پێویستە و مامۆستا ئالانیش یەکێکە لە راهێنەرە بەتواناکانی شاری سلێمانی و راهێنەرایەتی چەندین یانەی لەئەستۆ بووە، ئێمەش دەمانەوێ سوود لە تواناکانی راهێنەرێکی ناوخۆیی و بەئەزموون وەربگرین بۆ ئەوەی زۆرترین سوود بە یانەکەمان بگات، هەم لە رووی پێگەیاندنی یاریزانان و هەمیش لە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکاندا، ئێستاش گۆڕانکاری باشی کردووە لە تیپەکە بۆ ئەوەی سەر لەنویَ تیپەکە رێکبخاتەوە».

یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ساڵانە بەشداری لە چەندین خول دەکات لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بۆیە ئەمساڵیش جیا لە ساڵانی پێشوو نیازی بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورەی هەیە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بۆیە لە ئێستاوە ئامادەکارییەکانی دەست پێکردووە.